Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# شیعری منداڵان وەک ئامرازێکی پەروەردە و فێرکردن (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ)ی کازم کۆیی بەنموونە

م.ی. نێچیروان جاسم وەلی
زانکۆی سەلاحەددین
nechirwan.wali@su.edu.krd

پوختە:
شیعری منداڵان لە پاڵ ئەوەی بەشێکی گرنگی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک پێکدەهێنێت و لە ڕووی ئیستاتیکییەوە چێژ و جوانی بە وەرگری ئەو ئەدەبە دەبەخشێت, لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی بەرچاو لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و نەوەی تازەی هەر میللەتێکدا دەگێڕێت, بۆیە زۆر جار شیعری منداڵان وەک ئامرازێکی پەروەردە و فێرکردن ئەرک دەبینێت و ئەو چەشنە شیعرە دەبێتە هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی پەروەردەیی و فێرکاری و دەتوانێت هاریکاریی دایباب و مامۆستا و ناوەندە فێرکارییەکان بێت بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەهای ڕەوشتی و پەیامی پەروەردەیی, بەمە ئەرکی ئەوان ئاسان دەکات و لەگەڵیاندا هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت.
کازم کۆیی (١٩٥٥_ ) یەکێکە لەو شاعیرانەی گرنگییەکی بەرچاوی بە شیعری منداڵان داوە و و زیاتر لە ٢٠ بەرهەمی وەک کتێبی شیعری منداڵان بڵاو کردووەتەوە و لە چوارچێوەی ئەو شیعرانەدا کۆمەڵێک پەیامی پەروەردەیی و فێرکاری پێشکەش کردووە, ئەم توێژینەوەیە جەختکردنەوەیە لەسەر باسکردنی ڕۆڵی شیعری منداڵان لە پەروەردە و فێرکردن لای ناوبراو و شیعرەکانی ئەو شاعیرە ئەوە دەردەخەن بە ئامانجی پەروەردە و گۆشکردن و پێگەیاندنی منداڵان نووسراون و شاعیر بە هۆی شیعرییەکانییەوە ویستوویەتی لە پاڵ لایەنە ئیستاتیکییەکانی شیعرەوە, لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چەندان بابەتی پەروەردەیی و فێرکاری لە ناواخنی شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات.

وشە کلیلییەکان: شیعری منداڵان, پەروەردە, فێرکردن, کازم کۆیی, نەوەکان, چریکەی دواڕۆژ.

**الملخص**
هذا البحث الموسوم ب(شعر الأطفال كأداة تربيوية وتعليمية ديوان "نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ" لكاظم كويي نموذجا) يتكون من المقدمة وثلاث محاور وقائمة المصادر.
يعد كاظم كويي (١٩٥٥_ ) من الشعراء الكورد الذين أولوا اهتماما كبيرا لشعر الأطفال، حيث نشر أكثر من عشرين ديوانا شعريا للأطفال، وقدم في إطارها عددا من الرسائل التعليمية. سعى الشاعر إلى تجسيد العديد من القضايا التربوية في قصائده، إلى جانب الجوانب الجمالية للشعر. هدف البحث في مجال الأدب والثقافة الكوردية، لم يحظ شعر الأطفال بالاهتمام والبحث الكافيين من منظور تعليمي، ولم يسلط الضوء على أهميته في تعليم الأطفال. تتألف هذا البحث من مقدمة وجزأين: الجزء الأول: مفاهيم وخصائص شعر الأطفال الجزء الثاني: المحور الأول: الرسائل التربوية في الديوان المحور الثاني: الرسائل التعلمية في الديوان وأخيرا، تعرض الاستنتاجات وقائمة المصادر.
كلمات المفاتحية: الشعر الاطفال, التربية, التعليم, كاظم كويي, نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ

پێشەکی

بە گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی شیعری منداڵانی کورد سەرنجی ئەوە دەدەین شیعری منداڵان سەرەتاکانی بۆ شیعری فێرکاری دەگەڕێتەوە و لەوەوە هاتووەتە کایەوە, واتە ئەو چەشنە شیعرانەی لەو سەرەتاوە تایبەت بووە بە منداڵان بە پلەی یەکەم مەبەستی فێرکاری هەبووە, لەم لایەنەوە دەکرێت ئاماژە بە فەرهەنگی (نۆبەهارا بچووکان)ی ئەحمەدی خانی و (ئەحمەدی)ی شێخ مارفی نۆدێ و عەقیدەنامەکانی ڕواری و مەولەوی بدەین. ئەم بەرهەمانە بەتایبەتی جەختیان لەسەر لایەنی فێرکاری کردووەتەوە و مەبەستی دانەرەکانیان گەیاندنی پەیامە فێرکارییەکان بووە, کە بۆ فێرکردنی زمانی عەرەبی و بیروباوەڕی ئیسلامی بووە. ئەم بەرهەمانەی ئاماژەمان پێدان سەرەتا ساکارەکانی ئەدەبی منداڵانی کورد پێکدەهێنن, کە تا ڕادەیەکی زۆر هەر بۆ گەیاندنی کۆمەڵێک پەیامی فێرکاری بووە.

شیعری منداڵانی کورد لەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێشچوونی گشتیی ئەدەبی کوردی و گۆڕانکارییەکانی سەردەم بەرەو پێش چووە و لە لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە هەنگاوی باشی ناوە و قۆناغی زۆری بڕیوە و کۆمەڵێک شاعیری ئەو بوارە ئەوەندەی پێیان کراوە و ویستوویانە و کۆشاون لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە پەیامی پەروەردەیی و بەهای ئاکاری و ڕەوشتی فێری منداڵان بکەن. کازم کۆیی یەکێکە لەو شاعیرانەی لە چەند دەیەکە شیعر بۆ منداڵان دەنووسێت و چەندان شیعری منداڵانی کراوەتە گۆرانی و ئەزموونێکی دیاری لەو بوارەدا هەیە. شاعیر لە شیعرەکانیدا چەندان پەیامی پەروەردەیی و فێرکاری پێشکەشی منداڵان کردووە و ئەم توێژینەوەیە بۆ تیشک خستنە سەر ئەو لایەنەی شیعرەکان تەرخان کراوە

میتۆدی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفیی شیکاری گرتووەتە بەر.

گرنگیی توێژینەوە: لەبەرئەوەی شیعری منداڵان بەشێکە لە هەست و دەروون و دونیای منداڵان, بۆیە ڕۆڵێکی گرنگ و دیار و بەرچاو لە پەروەردە و فێرکردندا دەبینێت, دەکرێت وەک ئامرازێکی فێرکاری سوودی لێ ببینرێت و شیعرەکانی شاعیر ئەو لایەنەی تێدا بەدی دەکرێت و دەکرێت لە بواری پەروەردەدا سوودی لێ وەربگیرێت.

ئامانجی توێژینەوە: لە پانتاییی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا شیعری منداڵان وەک پێویست لە ڕووی پەروەردە و فێرکارییەوە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و لێی نەکۆڵراوەتەوە و ئەو پێگە پەروەردەییە گرنگەی لە پێگەیاندنی منداڵاندا هەیە ڕووناکیی نەخراوەتە سەر لە چوارچێوەی شایانی خۆی دانەنراوە.

پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: چەمک و تایبەتمەندییەکانی شیعری منداڵان

بەشی دووەم:

تەوەری یەکەم: پەیامە پەروەردەییەکانی دیوانی نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ

تەوەری دووەم: پەیامە فێرکارییەکانی دیوانی نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ

لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

بەشی یەکەم: چەمک و تایبەتمەندیپەکانی شیعری منداڵان

شیعری منداڵان لە دونیای منداڵاندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە و نزیکترین هونەرە لە دەروونی منداڵانەوە و کاریگەریی بەرچاوی لەسەر کەسایەتی و پەروەردە و پێگەیاندنی

منداڵان هەیە, بۆیە ((لە کۆنەوە دایکانی بەسۆز و میهرەبانی کوردمان, بە لایلایە و لۆرین و گورگانەشەوێ و لاواندنەوە, بە دەنگێکی ناسک و بە ئاوازێکی بەسۆز و شیرین, لەگەڵ ڕاژەنینی بێشکە و لانکەکانی کۆرپە شیرینەکانیان, بەسۆزەوە کۆرپەکانیان لاواندوونەتەوە و ژیریان کردوونەتەوە)) (شوان, ٢٠٢٢, ١٣٣) دایکانی کورد لە کۆنەوە ڕۆڵی شاعیری منداڵانیان بینیوە و هەندێک لەو بابەتانەشی بۆ منداڵەکانیان گوتووە ئەگەر بە شێوەیەکی سادەش بوویێت لە فۆرمی شیعردا بووە و بووەتە بابەتێکی فۆلکلۆری و لە نموونەی ئەو لایلایانەی, کە هاندانی بۆ منداڵ تێدایە, هاتووە:

لای لایە کۆرپە جوانەکەم لای لایە
مەرد و شێرانە بێینە ناو کایە
پایە بڵند بی بگەیت بە پایە (ڕەسوڵ, ٢٠١٢, ٧٣)

لەم لایلایەدا هاندانی منداڵی تێدایە و هەڵنانیەتی بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا ببێتە کەسێکی کاریگەر و دیاری ناو کۆمەڵ. کازم کۆیی وەک شاعیرێک دەرکی بە گرنگی لایلایە کردووە, بۆیە ئەویش وەک دایکێکی بەسۆز دەڵێت:

ڕۆڵە لایلایە, کۆرپەم لایلایە
وا نیوە شەوە بۆ خەوت نایە؟
دە بنووە بنووە کۆرپەی شیرینم
ڕووناکیی دڵم مەرگت نەبینم (کۆیی, ٢٠٠٦, ٧٦)

شاعیر سوودی لە فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە و لەو شیعرەدا خستوویەتە ڕوو.

شیعری منداڵان ((وتەیەکی کێشدار یان هۆنراوەیەکی خەیاڵاوییە, کە سۆز و هەست و خوستی منداڵ دەبزوێنێ لە ناخیدا مۆسیقایەکی ئارامیش بەدی دەکرێت)) (شەبانی, ١٣٩٩, ٦٢) ئەم پێناسەیە جەختکردنەوەیە لەوەی شیعری منداڵان بەتایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا بەگشتی پابەندی کێش و سەروا دەبێت, چونکە منداڵان ((لە بچووکییەوە حەز بە ئاواز و تۆن و وتەی مۆسیقایی کێشدار دەکەن)) (نجیب, ١٩٩١, ١٤٤). لەم ئەدەبەدا ئەو وەرگرەی شیعرەکەی پێشکەش دەکرێت منداڵە, لەبەرئەوە شیعری منداڵان ((ئەو شیعرەیە گوزارشت لە هەست و سۆز و ناخ و پێویستییە ئەدەبییەکانی منداڵ دەکات, هەروەها بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەبێ شیکردنەوە و هۆکار دەبێتە جێگای ڕەزامەندی و سەرسامی منداڵان)) (ئەحمەد, ٢٠٢٢, ١٢٧). شیعری منداڵان دەربڕی خواست و داخوازی و ناخ و پێویستییەکانی دونیای منداڵانە و بۆیە جێگەی پەسەندی منداڵانە.

شیعری منداڵان بۆ ئەوەی لەگەڵ خواست و ویست و پێویستییەکانی دونیای منداڵدا تەبا و تەریب بێت, پێویستە ئەو شیعرە لەخۆگری کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندیی گرنگ بێت, لەوانە:

١_ کۆکبوون لەگەڵ منداڵدا: ئەو شیعرەی بۆ منداڵ دەنووسرێت و پێشکەشی دەکرێت پێویستە لە کۆمەڵێک ڕووەوە لەگەڵ منداڵدا کۆک بێت, بە جۆرێک ((لەگەڵ ئاستی گەشەسەندنی جەستەیی و ژیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەوروبەری منداڵدا بگونجێت)) (شوان, ٢٠١٨, ٤٥). زۆر گرنگە شاعیر ڕەچاوی ئەم کۆکبوون و گونجاوییە بکات بۆ ئەوەی شیعرەکەی بتوانێت کاریگەریی زیاتر بێت. واتە بزانێت چ جۆرە شیعرێک بۆ چ کەسێک و بۆ چ بابەت و مەبەستێک دەنووسێت.

٢_ گونجاوی لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنی منداڵیدا: شیعری منداڵان ناوێکی گشتییە بۆ کۆی شیعری منداڵان لە هەموو قۆناغەکانی منداڵیدا, بەڵام تەمەنی منداڵی بۆ چەند قۆناغێک دابەش دەبێت, پسپۆر و شارەزایان ((تەمەنی منداڵیان لە (٣_١٥) ساڵی دابەش کردووە,

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

هەر تەمەنێکی منداڵیان خستۆتە قۆناغێک)) (حسن, ٢٠٢٢, ٩). هەر قۆناغێک چەند ساڵێک دەگرێتەوە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و شیعری تایبەتی بەو قۆناغە بۆ دەنووسرێت. قۆناغەکان بەم جۆرەن؛ قۆناغی واقیعی (٣_٥ ساڵی) قۆناغی ئەندێشەی فراوان (٦_٨ ساڵی), قۆناغی پاڵەوانی (٨_١٢ ساڵی), قۆناغی هەرزەکاری (١٢_١٥ ساڵی) (پروانە: إسماعيل, ٢٠١١, ٣٠_٤٠) منداڵانی ئەم قۆناغانە لە ڕووی زمان و وشە و دەربڕین و بیرکردنەوە و پێویستییەکانیان لە یەکتر جیان, بۆیە ئەو شیعرەی بۆ منداڵێکی قۆناغی واقیعی دەگونجێت بۆ منداڵێکی قۆناغی هەرزەکاری دەبێتە بێزارکەر و دووبارە, هەروەها وشەکانی ئەو شیعرەی بۆ منداڵێکی قۆناغی پاڵەوانی ئاسان و ئاشنایە بۆ منداڵێکی قۆناغی واقیعی سەخت و ئاڵۆزە. ئەو شیعرانەی بۆ قۆناغی واقیعی دەنووسرێن لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەزۆری لەبارەی ئەو شتانەوەیە, کە لە دەوروبەری منداڵەکەدان و وەک؛ کەلوپەلەکانی ماڵەوە, گیاندارییە ماڵییەکان... هتد و هەروەها گرنگە شیعرەکانی ئەو قۆناغە بە ((خەتی شاش و ڕوون ئاشکرا بکرێن و وێنەی ڕەنگاوڕەنگی سەرنجڕاکێشیان لەگەڵ دابنرێن)) (إسماعيل, ٢٠١١, ٣١). هەرچی قۆناغی هەرزەکارییە ئەوا منداڵان لەم قۆناغەدا وەک لاساییکردنەوە و چاولێکردن لە گەورەکان ((حەز لەو نووسینانە دەکەن بیخوێننەوە کە گەورە دەیخوێننەوە, ئەمەش دۆزینەوەی کەسیەتەکەیەتی)) (ئەحمەد, ٢٠٠٦, ٢٢). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وشە و دەربڕینی ئەو نووسینانە لە نێوانیشیاندا شیعر کۆمەڵێک وشە لە خۆدەگرن, کە لە ئاستی ئەو تەمەنەدان.

٣_ ڕوونیی زمان و ساکاری دەربڕین: بە گشتی زمانی شیعری منداڵان ئەو وشە و ڕستە و دەربڕینانەیە, کە شاعیر لە شیعرەکەیدا بەکاری دەهێنێت و پێویستە ((وشەکان ڕەوان بن و بەهێز و جوان بن و دوور بن لە هەڵەی ڕێزمانی, چونکە ڕەوانیی وشە و ئاسانی لە ڕوونیی وشەکان و دەستەواژە و پێکەوەبەستنیانەوە دەردەکەوێت)) (محمود, ٢٠٠٠, ٢٨_٢٩) ڕوونی و ڕەوانی و ئاسانی وشەکان بۆ ئەوەیە منداڵ بە سانایی لێی تێبگات و پێویست بەوە نەکات بۆ تێگەیشتن لێیان بۆ دایباب و مامۆستا بگەڕێتەوە و ڕوونیی دەربڕینەکان وا دەکات پەیامەکەی کاریگەرتر بێت. هەروەها بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە جۆرێکی ئەوتۆ بەکارنەهێنێت, کە دەقەکە پڕ بێت لە هونەرەکان و تێگەیشتن لێی سەخت بێت. ڕاستە هونەرەکانی ڕەوانبێژی جوانی بە دەقی شیعرەکە دەدەن, بەڵام پێویستە شاعیری منداڵان ئەوەی لە بیر نەچێت زمانەکەی بە جۆرێک بێت, جوانیی زمانەکەی, زمانەکە وەها سەخت و گران نەکات, کە منداڵ لێی نەگات.

٤_ هەبوونی کێش و سەروا: بەگشتی شیعری منداڵان وا دەخوازێت کێش و سەروای هەبێت و دێڕەکان درێژ نەبن, چونکە لەگەڵ هەناسەی منداڵ نایەنەوە یەک و ((وا باشە کێشی نیوە دێڕەکانی شیعر بۆ منداڵان ژمارەی بڕگەکانیان لە (٦, ٧, ٨, ١٠) بڕگە زیاتر نەبن. کێشی بڕگەیی ((پەنجەیی)) ئاسانترین کێشی منداڵانە)) (شوان, ٢٠٢٢, ١٣٤). ئەو کێشەی لە شیعری منداڵاندا هەیە پێویستە ژمارەی بڕگە و پێیەکانی کورت بێت, بۆ ئەمەش دەبینین زۆربەی شیعری منداڵان لەسەر کێشی بڕگەییە و شیعری عەرووزیمان زۆر کەمە, ئەویش لە سەرەتاکانی شیعری منداڵان بەرچاو دەکەوێت, دیسانەوە فۆرمی شیعری سەربەست بۆ شیعری منداڵان بەشێوەیەکی گشتی زۆر زۆر کەمە, چونکە لەگەڵ حەز و چەشەی ئەدەبیی منداڵان یەکانگیر نییە. هەروەها سەرواش, کە لایەنێکی دیکەی مۆسیقای شیعرە و پێویستییەکی دیکەی شیعری منداڵانە, ئەمەش بۆ ئەوەی مۆسیقایەکی خۆش و بەجۆش بە شیعرەکە ببەخشرێت و بکرێتە سروود و گۆرانی و لەبەر بکرێت و منداڵان بتوانن بیڵێنەوە.

٥_ یەکانگیری لەگەڵ خواستەکانی منداڵدا: شیعری منداڵان بۆ ئەوەی لای منداڵ خواستراو و ویستراو بێت پێویستە شاعیر گرنگی بە خواستە سەردەمی و هەنووکەییەکانی منداڵ بدات, ئەمەش واتە ((هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی کە لەگەڵ ژیان و گرنگیپێدانی منداڵ بگونجێت)) (شوان, ٢٠٢٢, ١٣٤). منداڵ تاکێکی ناو کۆمەڵەکەیەتی و لە سەردەمی خۆیدا دەژیت و مامەڵە لەگەڵ سەردەم و ڕۆژگاری خۆیدا دەکات و پێویستییەکانی ژیانی وابەستەیە بە سەردەمی خۆیەوە. گرنگە شاعیری منداڵان ئەوەی لەبەر چاو بێت کۆمەڵێک شت لە سەردەمی منداڵیی خۆیدا گرنگ و پێویست بوون, ڕەنگە ئێستا کۆمەڵێک شتی دیکە هاتبنە کایەوە و بووبوونە پێویستیی منداڵ. بۆ نموونە ئەگەر سەردەمانێک منداڵ بە قور یاری کردبێت, ئەوا ئێستا ئایپاد و یاریی ئەلیکترۆنی هەیە و منداڵ بەوانە یاری دەکەن, دەبێت ئەم لایەنە لە شیعری منداڵاندا ڕەنگ بداتەوە و شاعیر ئاگاداری ئەوە بێت.

٦_ هەبوونی پەیام و ڕوونیی لە گەیاندنی: هەندێک جار لە شیعری گەوران بە تایبەتی لە سەردەمی مۆدێرنیزم و بە کاریگەریی ڕەوت و ڕێبازە سەردەمییەکان تێبینی ئەوە دەکرێت گرنگییەکی ئەوتۆ بە ناوەڕۆک نەدراوە, یان بڵێین پەیام و مەغزا و ناوەڕۆکی شیعرەکان بەئاسانی خۆیان نادەن بە دەستەوە و پێویستییان بە خوێنەری کارامە و لێزان هەیە, بەڵام شیعری منداڵان بە جیاوازتر لە شیعری گەوران پێویستە ناوەڕۆکەکەی جوان و ماندار بێت و ڕووی دەمی لە زۆرینەی منداڵان بێت و هەڵگری بەها باڵاکان بێت. واتە ((پەیامێک بە منداڵ بگەیەنێت)) (فەرهادی, ٢٠١٣, ١١) ئەم پەیامە وا دەکات شیعری منداڵان تەنیا بۆ چێژ و خۆشی نەبێت, واتە تەنیا گرنگیی بە لایەنە ئیستاتیکییەکەی دەقەکە نەدرێت, بەڵکوو ناواخن و ناوەڕۆکی دەقەکەش بایەخی تەواوی پێ بدرێت و لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێک پەیامی پەروەردەیی و فێرکاری و ڕۆشنبیری و ...هتد بە منداڵان بگەیەنرێت و ڕۆڵی شیعری منداڵان لە پەیامەکانی ناو شیعرەکە بەرجەستە دەبێت و وەک ئامرازێکی پەروەردەیی و فێرکاری سوودی لێ وەربگیرێت و بخرێتە خزمەتی پەروەردە و فێرکردنەوە.

بەشی دووەم:

کازم کۆیی وەک شاعیرێکی منداڵان بابەتە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لای ((دەبێتە چەپکە گوڵی شیعر و شیعریش دەبێتە زاری منداڵان و دەپەیڤێت و گۆرانی دەڵێ و مۆسیقا دەژەنێت. بە شیعر ڕاز و نیازەکانیان ڕاو دەکات و بە وشەی جوان دەیانلاوێنێتەوە و دەستەمۆیان دەکات و بۆ ئەوەی منداڵان بیاندوێنن, بیانبینن, پرسیاریان لێ بکەن, ڕایانژێنن, لە باخەڵیان نێن, بۆنیان بکەن, لە کەزیی خۆیان بدەن, بە بەرقەدی خۆیاندا بکەن)) (هەورامی, ٢٠٠٧, ٦٣), بۆیەش دەبینین شاعیر ((بایەخی بە زۆربەی ئەو لایەنانە داوە, کە دەزانێ منداڵ سوودیان لێ وەردەگرێ, وەکو: پەروەردە, خێزان و دایک و باوک, شیعری نەتەوەیی, ڕێنمایی و دابونەریت, بۆنەکان, زانستەشیعر, کشتوکاڵ و دار و درەخت, گیانلەبەران, دیاردە سروشتییەکان, یاری و وەرزش...)) (فەرهادی, ٢٠١٣, ٣٦٦) ئەم ناواخنانە لە دیوانی چریکەی نەوەکانی دواڕۆژ بەرچاو دەکەون و لە شیعرەکانی شاعیردا بەرچاو دەکەون.

تەوەری یەکەم: پەیامە پەروەردەییەکانی دیوانی نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ

ئەدەبی منداڵان بەگشتی ئەدەبێکە ئاراستەیەکی پەروەردەیی هەیە و ((ئەدیبی بواری منداڵان بەر لە هەر شت لایەنی پەروەردەیی ڕەچاو دەکات, ڕاستە ئەدیبی منداڵان سەتاسەت ڕۆڵی پەروەردە نابینێ و ئەدیبیش بە مانا تەواوەکەی ئەرکی پەروەردە نییە, یا ئەدیب یەکسان نییە بە پەروەردەکار, وەلێ نابێ شتێک بنووسێت پێچەوانەی بنەما پەروەردەییەکان بێت)) (قادر, ٢٠٢٣, ٣٦_٣٧). شیعری منداڵان لەبەرئەوەی ژانرێکی

ئەدەبییە, بۆیە هاوتای باس و توێژینەوەیەکی پەروەردەیی نییە, بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە, شیعری منداڵان نەتوانێت پەیامی پەروەردەیی بگەیەنێت, بۆیە ئەو شاعیرانەی شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە پەیامی پەروەردەییان لە چوارچێوەی شیعرەکانیان پێشکەش کردووە.

کازم کۆیی لە دیوانی نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, کە دیوانی شیعری منداڵانە و لە شیعرەکانیدا کۆمەڵێک پەیامی پەروەردەیی خستووەتە ڕوو.

١_ هاندانی منداڵان بۆ ژینگەدۆستی: یەکێک لەو پەیامە پەروەردەییانەی شاعیری لە شیعرەکانی خستوویەتییە ڕوو پەیامی ژینگەدۆستی و ئاژەڵدۆستییە.

کۆترە باڵ نەخشینەکەم
ئەی هاوڕێ شیرینەکەم
دە بفڕە بەرەو بەرزی
جا وەرە سەرئەرزی
دان و ئاوەکەت بخۆ
بەلەنجە وەرە و پرۆ
ماڵمان پڕ بکە لە ئاواز
ئەی باڵداری ئاشتیخواز (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, ٩)

ئەم شیعرەی شاعیر لەبارەی کۆترەوەیە, کە مەلێکە منداڵان خۆشیان دەوێت. هەر لەبارەی باڵندەوە, شاعیر لە شیعرێکیدا, کە لە زاری چۆلەکەیەکەوە دەڵێت:

بەچاکی گەورەی کردن
فێری فرینی کردن
فرین هاتنە سەرداران
هاواریان کرد منداڵان
توخوا بەردمان تێ مەگرن
گوێ لە ئاوازمان بگرن (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, ٢٥)

شاعیر باس لە چۆلەگەیەکەوە داوا لە منداڵان دەکات, کە بەردیان تێنەگرن و نەیانکوژن, لەبری ئەوە گوێ لە دەنگ و جریوەیان بگرن.

منداڵ بە سروشتی خۆیان پەپوولە و گوڵەیان خۆش دەوێت, بۆیە شاعیریش دەڵێت:

با بچینە ئەم چیمەنە
زۆر جوانە ئەم دیمەنە
دەفڕم بەدواما ڕاکەن
وەکو من تەماشا کەن
گوڵی سپی و زەرد و ئاڵ
بژی پەپوولە و منداڵ (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, ١٣)

شاعیر بە فراوانتر باسی گیانداران دەکات و دەڵێت:

منداڵە چاوگەشەکان
دەبێ بزانن لە ژیان
ئەو گیاندارانەی هەنە
زۆریان دۆستی ئێمەنە
بەسوود و بێ زیانن
گوناح و بەستەزمانن

نابێ ئازاریان بدەین
دەبێ یارمەتیان بدەین (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, ١٠٤)

شاعیر ئەوە بە منداڵان دەڵێت نابێت لەخۆڕا ئازاری گیانداران بدەن و زیانیان پێ بگەیەنن, بەڵکوو پێویستە بەزەییان پێدا بێتەوە و یارمەتییان بدەن, لەوانە ئەو باڵندانەی کە لە قەفەس نراون بەرەڵلا بکرێن, بۆیە شاعیر دەڵێت:

کەوەکەم مات و کزە
بێزارە لەم قەفەزە
زۆری پێ خۆشە بفڕێ
بۆ سەر شاخان باڵ بگرێ
بخوێنێ بە سەربەستی
ڕزگار بێ لە ژێر دەستی
بەڕەڵلای دەکەم بەخوا
با چیتر خەفەت نەخوا (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, ٣٢)

باسکردنی سروشت و ژینگە دەچێتە خانەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی, کە یەکێکە لە بابەتە سەردەمییەکانی ئەدەب.

لەبارەی ژینگەوە شاعیر دەڵێت:

ئەم سروشتە سازگارە
نەخشاوە وەک نیگارە
ماڵێکی ئاوەڵایە
بێ پەرژین و دەرگایە
دڵی خۆشە بە میوان
دەڵێ فەرموو سەرچاوان
بگەڕێن سەیران بکەن
بەس ماڵەکەم پیس مەکەن (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, ١٧٣)

شاعیر ئەوە دەخاتە ڕوو سروشت و ژینگە بۆ مرۆڤ وەک ماڵێک وایە و دەرگەی بۆ هەمووان لەسەر پشتە و میوانداریی هەمووان دەکات, بەڵام پێویستە پاکیی ئەو ماڵە ڕابگرن.

٢_ هاندانی منداڵان بۆ وەرزشکردن: وەرزش یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی پەروەردە بەتایبەتی پەروەردەی جەستەیی و یەکێکە لە چالاکییە خۆشەویست و خۆشیهێنەکانی منداڵان, بۆیە شاعیر دەڵێت:

هۆی وەرزشە دڵشاد و بەختیارم
لە فێڵ و تەڵەکە و درۆ بێزارم
هۆی وەرزشە هەست و هۆشم ناسکە
تەکانم هەروەک تەکانی ئاسکە (, ١٢٦)

کەواتە وەرزش هۆکاری دڵشادی و کامەرانییە و هەروەها دەبێتە چالاکبوونی هۆش و بەهێزکردنی لەش.

شاعیر منداڵان هان دەدات چوست و چالاک بن و بەیانییان زوو لە خەو هەڵبسن

هەڵسە هەڵسە بەیانییە
درەنگە وەختی خەو نییە
ڕۆژ هاتووە خەو ڕاو ئەنێ
بە خەوتووان پێ ئەکەنێ (١٠٢)

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

لەم شیعرەدا؛ شاعیر منداڵان لەسەر زوو لە خەو هەڵسان پەروەردە دەکات, بەڵام ئامۆژگارییەکی ڕووتی منداڵان ناکات, بەڵکوو پشتی بە ڕەگەزی خەیاڵ بەستووە, ((چونکە ئەو شیعرەی بریتی بێت لە ئامۆژگاریی ڕووت, مەعلوومە کە ئیتر وێنە و خەیاڵی تێدا نەخراوەتە کار, بۆ خودی شاعیریش وەها چاکتر بەرهەمەکەی بە ڕەگەزی خەیاڵ و جووڵە دەوڵەمەند بێت)) (حەسەن, ٢٠٢٢, ٥٧). بۆیە شاعیر خەیاڵی تێکەڵ بە شیعرەکەی کردووە.

٣_ هۆشیاریی منداڵان لەبارەی هاتوچۆوە: بابەتەکانی پەیوەست بە هاتوچۆ و شەقام و پەڕینەوە لە شەقام بابەتێکی گرنگ و پەیوەندارە بە منداڵانەوە, بۆیە شاعیریش لە شیعرێکدا دەڵێت:

من, من, دادە, من من, دادە:
هەرگیز ناڕۆمە سەر جادە
جادە هەر چەن پان و تەختە
بۆ ڕێبواری پیادە سەختە
تا ئۆتۆمێل بێت و پروا
لاڕێ ئەگرم ئەکشێمەوە دوا
گورژم و تاودان فرکەی سواران
بایەخ نادا بە ڕێبواران
سوار خێرایە, سوار گومڕایە
خەڵک ئەشێلێ و دەربەس نایە (١١٤)

شاعیر لەسەر زاری منداڵەوە منداڵان لەسەر ئەوە پەروەردە دەکات, کە نەچنە سەرشەقام, چونکە شۆفێری تیژرەو دەربەست نایەت و خەڵک دەشێلن.

٤_ ئاگادارکردنەوەی دایباب لە پەروەردەکردنی بەهەڵە: شاعیر لە شیعرێکدا بەناوی (تەمێداداں بەهەڵە) باسی دوو ڕەفتاری ناپەروەردەیی دەکات, ئەوانیش؛ بەکارهێنانی وشەی ناشیرین و لێدانە. شاعیر لە سەرەتاوە باسی دایکێک دەکات, کە لەگەڵ ڕۆڵە چوار ساڵەکەی گفتوگۆ دەکات و سەرزەنشتی دەکات و وشەی ناشیرین پێ دەڵێت؛

بۆچی وا چڵکن و پیسی
دەڵێی شەیتانی نەگریسی
وتم ئەمانە لا بەرە
هەی خوا بتکا بە کۆتەرە (١٥٨)

وشەکانی (چڵکن, پیس, شەیتان, نەگریس, کۆتەرە) کۆمەڵێک وشەی شکێنەرەوەن دایکەکە بە بەرانبەر منداڵەکەی بەکاری دەهێنێت و ئەمەش وەک دیاردەیەک لای دایکان هەیە بۆ سەرزەنشتی منداڵەکانیان بەکاری دەهێنن.

با خەڵک و خوا لۆمەم بکەن
قسەی خۆیان بە با بدەن
بڵێن منداڵ سەرکوێر دەبێ
بە لێدان ترس فێر دەبێ
پەروەردەی تازە وا نابێ
بە لێدان منداڵ چاک نابێ (١٥٩ ,)

لێدان ڕەفتارێکی ناپەروەردەییە و دژە بە پەروەردەی سەردەم. پەروەردەی سەردەم جەخت لەسەر پەروەردەی ناتوندوتیژ و گوێگرتن لە منداڵ دەکاتەوە.

٥_ هاندان بۆ خۆشەویستیی نیشتمان: پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر خۆشەویستیی وڵات یەکێکی دیکەیە لە پەیامە پەروەردەییەکانی شاعیر

وڵاتەکەم ژیانمە
چاوگی بەهرەی جوانمە
خۆم و سەرم هەرچیم هەیە
بەروبوومی ئەم خاکەیە (جریوەکان, ١١٧)

دروستکردنی ئینتیما و خۆشەویستیی وڵات لای منداڵ بەشێکی گرنگی پەروەردەی منداڵە, بۆیە شاعیر وەک منداڵێک دەڵێت:

خاکی وڵات و لەشی من
یەک پارچە و وەکو یەکن
کە من لەو بم بەو ژیا بم
چۆن چۆن یاساوڵی نابم

ئەم شیعرە هاندانی منداڵە بۆ خۆشەویستیی وڵاتەکەی و وابەستەکردنی منداڵە بە وڵاتەکەیەوە.

کاتێ بردمیان بۆ گەشتوگوزار
لەڕێ گەیشتم بە دێهات و شار
تێپەڕیم بەناو درەخت و باخا
بە چەم و دۆڵا و بە دەشت و شاخا
ئەوسا کە زانیم ئەم خاکە جوانە
ئەم کوردستانە هێلانمانە
زانیم من کوردم پەروەردەی ئەوم
لە باوەشیایە خۆراک و خەوم
تا ئەو ئازاد بێ منیش ئازادم
هەمیشە لەناو باوەشیا شادم (جریوەکان, ١٦٣)

شاعیر تیشکی خستووەتە سەر کۆمەڵێک لایەنی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەمەش پەروەردەکردنی نیشتمانیی منداڵانە.

٦_ خۆشەویستکردنی خوێندن لای منداڵ: خوێندن لایەنێکی گرنگی پەروەردەکردنە, چونکە خوێندن دەرگەی زانست و زانیاری بە ڕووی منداڵ دەکاتەوە.

خوێندن وەکو نان و ئاوە
نەزانین لێڵایی چاوە
هەڵسوکەوتی ئەم ژیانە
بەبێ خوێندن ناتەواوە
دنیای خوێندن وەک دەریایە
شتی بەهاداری تیایە (جریوەکان, ١١٩)

پێویستە تەمەنی منداڵ تەنیا بۆ خوێندن تەرخان بکرێت, چونکە یەکێکە پێویستییەکانی ژیانی منداڵە, لەبەر ئەوەی:

تیشکی ڕووناکی ئەم ژینە
تیشکی فێربوون و زانینە
بەبێ خوێندن چۆن دەرئەبەی؟
لەکوێوە ڕێگا دەرئەکەی؟ (جریوەکان, ١٢٠)

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

ئەگەرێتو منداڵ لە خوێندن دوور بکەوێتەوە ئەوە دەبێتە کەسێکی نەخوێندەوار و ئەو کاتە:

نەخوێندەوار بێ ئاگایە
ڕێچکەی هیوای لە دووی نایە
ڕێی ژیانی تەسک و تەنگە
ناو ئاسمانی شەوەزەنگە
دوا ئەکەوێ لەناو خێزان
وەکو چرۆی گەڵاڕێزان (، ١٢١)

کەسی نەخوێندەوار کەسێکی بێ ئاگایە لە زانست و زانین و دواڕۆژی ڕووناک نییە، بۆیە شاعیر بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

نەخوێندەوار، نەخوێندەوار
ئاسۆی بەرچاوی تاریکە
هەر ڕێبازێ پیایا پروا
سەخت و هەوراز و باریکە (، ١٢٣)

لەبەر ئەوەی بەشێکی کاتی ئەو منداڵانەی لە تەمەنی باخچەی منداڵان و قوتابخانەدا لەگەڵ مامۆستاداان، بۆیە شاعیر دەیەوێت پەیامی خۆشەویستیی مامۆستا بە منداڵان بگەیەنێت و دەڵێت:

مامۆستا گیان، قوتابخانە
باخێکە وەک باخانە
تۆیش لەناویا باخەوانی
ئاودێری پۆلەکانمانی
چەمی زانیاری هەڵئەکەی
ئاوی ئەم گوڵانە ئەدەی (، ١٦٨)

٧_ هاندان منداڵ بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕەفتاری نەشیاو و ئەنجامدانی کاری چاک:

تەوەری دووەم: پەیامە فێرکارییەکانی دیوانی نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ

پەیامی فێرکاری یەکێکە لە پەیامە گرنگەکانی ئەدەب و شیعری منداڵان. شیعر و بابەتی فێرکاری پەیوەندییەکی دێرینیان بەیەکەوە هەیە، تا ئەو ئاستەی فێرکاری یەکێکە لەو ناوەڕۆک و مەبەستە شیعرییانەی، کە لە یۆنانی کۆندا بایەخی پێ دراوە و یەکێکە کۆنترین جۆرەکانی شیعر. شیعری فێرکاری واتە ئەو شیعرەی شاعیر تێیدا باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی چالاکییەک بکات، یان باسی زانستێکی تێدا ڕوون بکاتەوە. سەبارەت بە پەیامی فێرکاریی شیعری منداڵان ئەوە خراوەتە ڕوو ((زۆربەی شیعری منداڵان شیعری فێرکارییین، بەو مانایەی ڕێنمایی و پەروەردەکردن و ئامۆژگاریکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی تێدایە، یان خستنەڕووی زانیاری و تێگەیشتن و سوودبەخشینە، ئەمە بەو مەرجەی لەسەر حسێبی خەیاڵ و ئەندێشە و لایەنی ئیستاتیکی و هونەری نەبێت)) (ڕەشاد، ٢٠٢٣، ٣٧_٣٨). پەیامی فێرکاری لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە لە ڕێگەی شیعرەوە منداڵ فێری چۆنیەتی ئەنجامدانی چالاکییەک یان کارێک دەکات، بۆ ئەوەی ئەو چالاکی و کارە بەدروستی و ڕێکی ئەنجام بدات و شیعرەکە ڕێگەی چۆنییەتییەکە بە منداڵ نیشان دەدات، هەروەها لایەنێکی دیکەی پەیامی فێرکاری ئەوەیە شیعری منداڵان ببێتە هۆکارێک بۆ فێربوونی زانستەکان و دایباب و مامۆستا و قوتابخانە و ناوەندە فێرکارییەکان دەتوانن لەم لایەنەوە سوودی لێ وەربگرن.

کازم کۆیی لە شیعرەکانیدا کۆمەڵێک پەیامی فێرکاری پێشکەشی منداڵان کردووە و چۆنیەتیی هەندێک کاری بۆ ڕوون کردوونەتەوە و زانیاری پێ داون.

شاعیر لە ڕێگەی شیعرێکەوە کۆڵەگەکانی ئیسلام فێری موسڵمان دەکات و دەڵێت:

موسڵمانم موسڵمانم
ئەرکانی ئیسلام دەزانم
شەهادەت، ڕۆژوو، نوێژکردن
زەکات بەخشین و حەجکردن (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ، ١٩)

شاعیر منداڵ فێر دەکات، کۆڵەگەکانی ئیسلام بزانێت، هەرچەندە ڕەچاوی ڕیزبەندی بەدوایەکداهاتنی کۆڵەکانی ئیسلامی نەکردووە، بەڵکوو مەبەستی بووە منداڵ لەو لایەنەوە فێر بکات. لە شیعرێکی دیکەدا ویستوویەتی کۆڵەگانی باوەڕ فێری منداڵ بکات، بۆیە دەڵێت:

هەر پێنج کۆڵەگەی ئیمانمان
دەپارێزین وەک چاومان (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ، ٥٩)

شاعیر ویستوویەتی زانیاری سەبارەت بە کۆڵەگەکانی باوەڕ بداتە منداڵان، بێ ئەوەی کۆڵەگەکانیش بژمێرێت تەنیا بە ژمارە ئاماژەی پێ داوە، بەڵام ڕاستییەکەی کۆڵەگەکانی باوەڕ شەشە، نەک پێنج.

شاعیر لە شیعرێکدا باسی وەرزەکانی ساڵ و تایبەتمەندیی هەر یەک لەو وەرزانە دەکات و دەڵێت:

سامان تۆ وەرە ئێرە
چوار کژی ساڵ بژمێرە
کژی یەکەم زستانە
کاتی بەفر و بارانە
کژی دووەم بەهارە
وەختی گوڵ و گوڵزارە (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ، ١٥)

شاعیر باسی چوار وەرزەکەی ساڵ و تایبەتمەندیی هەر یەک لەو وەرزانە دەکات. لە وەرزەکانی ساڵەوە باسی مانگە کوردییەکان دەکات و دەڵێت:

ڕۆڵەکەم هەردی بڵێ بەوردی
چین مانگەکانی ناو ساڵی کوردی
بەڵێ ئامادەم.. بەڵێ مامۆستا
هەمووان دەزانم دەیڵێم هەر ئێستا
یەک نەورۆز دوو گوڵان سێ جۆزەردان
چوار پووشپەڕ، پێنجەم مانگی خەرمانان (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ، ٧٩)

شاعیر لە ڕێگەی شیعرەوە منداڵان فێری ناوی مانگە کوردییەکان دەکات.

شاعیر منداڵ فێری ژمارەکان دەکات و دەڵێت:

یەک و دوو
بژی کوردی یەکگرتوو
سێ و چوار
بمرێ دوژمنی زۆردار
پێنج و شەش
بمرێ خوێنمژی ڕوورەش
حەوت و هەشت

کوردستانە وەک بەهەشت
نۆ و دە
دەنگ بۆ ئازادی بدە (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, ٦٠)

ئەم شیعرە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی منداڵ فێری ژمارەکان بێت و شاعیر تا ژمارە ١٠ی لە شیعرەکەیدا هێناوە.

شاعیر لە شیعری (مرۆڤ)دا ئەرکی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤی خستووەتە ڕوو و دەڵێت:

دوو چاوم بۆ دیتنە
دوو گوێم بۆ بیستنە
لووتم بۆ بۆنکردنە
دەمیشم بۆ خواردنە
پاروو دەجووم بە ددان
قسە دەکەم بە زوبان
دوو دەستم بۆ گرتنە
قاچم بۆ ڕۆیشتنە (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, ١٤٨)

لێرەدا شاعیر ئەرکی بەشێک لە ئەندامەکانی جەستەی بۆ منداڵان باس کردووە.

لە شیعری (میوە)دا شاعیر لەبارەی هەندێک لە میوەکانەوە دەڵێت:

هاوینان میوە زۆرە
خۆخ و شووتی و گندۆرە
هەرمێ و هەنجیر و ترێ
خۆشە و بە لێوان دەخورێ
قەیسی و هەڵوژە و هەنار
ناسکە ترۆزی و خەیار
تێکرا ترش و شیرینن
خۆش و پڕ ڤیتامینن (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, ٤٠)

شاعیر هەندێک لە میوەکانی وەرزی هاوینی بە منداڵان ناساندووە و زانیاریی لەبارەوە پێ داون.

شاعیر لە شیعری (خۆشووشتن) منداڵ فێری خۆشووشتن دەکات و دەڵێت:

پێ خاوس نەچییە گەرماو
لە خۆشووشتن نەرم بە
وریای ئاوی گەرم بە
یەکسەر بە خۆت دانەکەی
دەبێ سارد و گەرمی کەی
هەموو لەشت باش بشۆ
خۆت بسڕەوە لەسەرخۆ
جا بەرگی پاک بپۆشە
خۆشووشتن گەلەک خۆشە (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, ٣٣)

شاعیر دەیەوێت منداڵ فێر بکات چۆن بەدروستی و جوانی و ڕیکوپێکی خۆی بشوات و پشت بە خۆی ببەستێت.

شاعیر لە شیعرێکدا دەیەوێت منداڵان فێری پەندی پێشینان بکات و دەڵێت:

گوێم لێ بگرن هەمووتان

بۆ چەند پەندی پێشینان
(ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە)
(بانێکە و دوو هەوایە)
(دۆستت هەزار بێ کەمە)
(دوژمنت یەک بێ خەمە)
(دەوەنە و دەبێ بە دار)
(ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار) (نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ، ٧٧)
لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە شاعیر ویستوویەتی منداڵان ئاشنای کۆمەڵێک پەندی پێشینان بکات، تا لەو کەلەپوورە مێژووییەی باوباپیران دانەبڕێن و فێری هەندێک پەندی کوردی ببن.

ئەنجام

١_ شاعیر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بایەخی بەرچاوی بە شیعرەکانی داوە و پەیامی پەروەردەیی و فێرکاری لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە.
٢_ پەیامی پەروەردەیی شیعرەکان چەندان لایەن دەگرێتەوە و منداڵ لەسەر کۆمەڵێک بەها پەروەردە دەکەن لەوانە: ژینگەپارێزی و ئاژەڵدۆستی، بایەخدان بە زانست و زانین، پاکوخاوینی، وەرزش و بایەخدان بە لەشساغی...هتد.
٣_ شاعیر ویستوویەتی لە ڕێگەی شیعرەوە منداڵان لە فۆلکلۆری کوردی دانەبڕێن و ئاشنای پەندی پێشینانیان بکات.
٤_ شاعیر بایەخی لە ڕێگەی شیعرەوە ویستوویەتی منداڵان فێری وەرزەکانی ساڵ و ناوی مانگە کوردییەکان ببن، ئەمەش بایەخدانە بە ناسنامەی نەتەوەیی.
٥_
٦_ ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر لە چوارچێوەی دونیای منداڵاندایە و وشە و دەربڕینەکانی لە ئاستی فەرهەنگی زمانی ئەوانە و بەجۆرێک دارێژراوە لێی تێدەگەن.
٧_ شاعیر لە ڕێگەی شیعری منداڵانەوە منداڵانی بۆ ڕەوشتی جوان هان داوە و ڕەوشتی خراپی لا ناشیرین کردوون.

سەرچاوەکان

یەکەم: بە زمانی کوردی

أ_ کتێب

١_ ئەحمەد، کەیفی (٢٠٢٢)، ئەدەب و چیرۆکی منداڵان، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٢_ ئەحمەد، نەوزاد عەلی (٢٠٠٦)، منداڵ و ئەدەب، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
٣_ اسماعیل، مظفر مصطفی (٢٠١١)، ڕوخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکی لای لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٤_ حەسەن، پەیمان عومەر (٢٠٢٢)، ئەدەبی منداڵان و پەیامە پەروەردەییەکان لە بەرهەمەکانی (جەمال گردەسۆری)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

٥_ حەسەن, محەمەد فەریق (٢٠٢٢), دیداری ئەدەبی منداڵان_ شیعر بۆ منداڵان نووسراو و شیعر دەرخکردن, چاپخانەی بینایی, سلێمانی.
٦_ ڕەسوڵ, شوکریە (٢٠١٢), نرخ و بەهای لایلایەی دایک ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر.
٧_ شوان, ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠١٨), مەلۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد, چاپخانەی هێڤی, هەولێر.
٨_ شوان, ڕەزا (٢٠٢٢), ڕۆشنبیریی منداڵان, چاپخانەی کارۆ, سلێمانی.
٩_ فەرهادی, حەمە ساڵح (٢٠١٣), پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر.
١٠_ قادر, زیاد ڕەشاد (٢٠٢٣), شیعری منداڵان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا, دەزگای نارین, هەولێر.
١١_ کۆیی, کازم (٢٠٠٦), نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر.

١٢_ محمود, فازڵ مجید (٢٠٠٠), شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا, نامەی دکتۆرا, کۆلێژی زمان, زانکۆی سلێمانی.
١٣_ هەورامی, حەمەکەریم (٢٠٠٥), ئەدەبی منداڵانی کورد, بەرگی یەکەم, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر.
ب_ گۆڤار
١_ شەبانی, ئەحمەد (١٣٩٩), شیعری منداڵان بە کەیفی گەورەساڵان, گۆڤاری پژوهشنامە ادبیات کردی.
دووەم: بە زمانی عەرەبی
١_ نجيب, أحمد (١٩٩١), أدب الأطفال علم و فن, دار الفكر العربي, القاهرة.